# بۆ هاوڕێیان عمر ئیلخانی زاده و جەمیلە ڕەحیمی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی پێنج شەممە ڕادیۆ دەنگی کۆمەڵە هەواڵی دڵ تەزێنی کۆچی دوایی هاوڕێ شەویۆی ئیلخانی زادەی بڵاو کردەوە . ئەم هەواڵە هەمو دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵەی لە ماتەمێکی گەورەدا دانا و بە مەرگی هاوڕێ شەویۆ یەکێکی تر لە گوڵە تازە پێ گەشتوەکانمان پەرپەڕ بو و چوە ڕیزی ئەو هاوڕێیانەی کە بە سەربەرزیەوە ژیان و بە شانازیشەوە ماڵ ئاواییان لێ کردین .هاوڕێیان عمر ئیلخانی زادە و جەمیلەی ڕەحیمی کە ژیانیان پڕ لە شانازیە و بۆ ئازادی گەلەکەیان لە هەوڵی بێ وچاندان ئەمە یەکەم جگەر گۆشەیان نیە کە ماڵ ئاواییان لێ دەکات بەڵکو لەدەس چونی هەر هاوڕێیەك لە ناو ئەو شۆڕشەدا لەدەست چونی شەویۆیەك بوە و دەبێت بۆیان . دڵنیاین کە ئەو هاوڕێیانە نە تەنیا فێری خۆ ڕاگری بون لە بەرانبەر سەختیەکانی ژیاندا بەڵکو دەرسی خۆڕاگریش بە گەلی کورد دەڵێنەوە . ئێمە کۆمەڵێك لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شاری مەریوان ئێستا کە جێگای شەویۆ لە ناو ڕیزەکانی خۆماندا بە چۆڵ دەزانین، کۆڕی ماتەم بۆ ئەو هاوڕێیەمان دەگرین و هەروەها خۆمان بە شەریکی خەمی هەمو خەمخۆرانی ئەو هاوڕێیە ، بە تایبەت هاوڕێیان عمر ئیلخانی زادە و جەمیلەی ڕەحیمی و هەمو بنەماڵەکەیان دەزانین و هیوای تەمەن درێژی بۆ بنە ماڵە و کەس و کار و هاوڕێیانی شەویۆ بە ئاوات دەخوازین .،

دەستەیەك لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شاری مەریوان

12/6/2004